


دڵشاد سەعید

خاوەنی بڕوانامەی دکتۆرا لە بارەی میوزیکی کرمانجی لە زانکۆی مۆزارت:

# ئێستا زیاتر پێویستمان بە پاراستنی کولتوور و زمانی خۆمان هەیە

رۆژی ١٩-٦-٢٠١٨ لە مەراسیمێکی شایستەدا کە لە شاری ساڵزبورگی وڵاتی نەمسا ئەنجامدرا، هونەرمەند و میوزیکژەنی ناوداری کورد دڵشاد سەعید بڕوانامەی دکتۆرای لە بواری میوزیکی کوردی وەرگرت، نامەی دکتۆراکەیشی لەژێر ناوی «لێکۆڵینەوەیەک لەسەر میوزیکی کرمانجی – لەبەرچاوگرتنی گۆرانییە ریتمییەکان». بوو، کە دوای گفتوگۆی تێزەکەی بڕوانامەی دکتۆرای بە پلەی زۆر باش بەشێوەیەکی فەرمی لە زانکۆی مۆزارت وەرگرت.

لەمبارەیەوە دڵشاد سەعید رایگەیاند: ئەمە یەکەمینجارە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی بەمشێوەیە لەسەر میوزیکی کوردی - کرمانجی، لە زانکۆیەکی ئەوروپی باس دەکرێت، هەروەها باس لە ئاوێتەکردنی میوزیکی کوردی لەگەڵ هاوسێیەکانی دەکات».


ئەم هونەرمەندە جگە لە گۆرانیی کوردی لێکۆڵینەوەی لەسەر هەڵپەڕکێی کوردیش کردووە، لەمبارەیەوە دەڵێت: «لەم لێکۆڵینەوەدا گەلێک جۆری گۆڤەندو دیلان و هەڵپەڕکێی کوردی باسکراوە، کە لەسەر بنکەی ریتم و ریتمی ئاواز لێکۆڵینەوەکان کراون، دواتر تایبەتمەندیی میوزیکی کرمانجی دەستنیشانکراون».

لەم لێکۆڵینەوەی دکتۆر دڵشاد سەعید، چەند راستییەکی شاراوەی ئاشکرا کردووە، کە لە چەند خاڵێکدا کۆکراونەتەوە، لەمبارەیەوە دڵشاد سەعید دەڵێت: «زۆربەی میوزیکەکانی کرمانجی جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ میوزیکی گەلانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دەڤەری قەوقاز هەیە، هەروەها ریتمی ئاڵۆز و غەریب بەناوی ریتمی جۆرجینا هەیە، کە لە ناو کرمانجی و هەندێک لە ناوچەکانی عێراق بەکار دێت، بەڵام دوای لێکۆڵینەوەیەکی باش دەرکەوت، ئەم ریتمە بە رەچەڵەک لە کرمانجی وەرگیراوە».

سەبارەت بە پێشڤەچوونی هونەری کوردی و جیاوازیی نێوان ئەو کارانەی پێشتر پێشکەشکراون لەگەڵ ئێستای هونەری کوردی دەڵێ: «هونەرمەندانی پێشوو زیاتر شتەکانیان رووبەڕوو و لەسەر شانۆ پێشکەش دەکرد و ئەم تیپانە وەك تەحەددایەك بۆ رژێم بە دڵسۆزییەوە کارەکانی خۆیان دەکرد و خەڵکیش پشتگیری دەکردن، بەڵام لەبەر ئەوەی ئێستا بەرهەمەکان زیاتر لەسەر شاشەی تەلەفزیۆن پێشکەش دەکرێن، زۆربەی هونەرمەندەکان قورسایی کارەکانی خۆیان خستۆتە سەر تەلەفزیۆن، ئەمەش کارێکی رۆتینییە و لە هەموو شوێنێك گۆڕانکاری روویداوە. گوتیشی: «بە شێوەیەک گشتی ئێستا تێکەڵ و پێکەڵییەکی زۆر لە هونەری کوردیدا هەیە و رەسەنایەتی خەریکە دوور دەکەوێتەوە، ئەگەر سەیری تەلەفزیۆنەکان بکەین، دەبینین ئەو بەرهەمانەی پێشکەش دەکرێن، بەشی هەرە زۆری ئەو موزیکەی بەناو کوردییە و بەشێوەیەکی دیکە پێشکەش دەکرێ، زۆر زیاترە لەوەی کە بەشێوەی کوردی پێشکەش دەکرێ، پێویستە لە رەسەنایەتی دوور نەکەوینەوە.»

دڵشاد سەعید پێیوایە هەر جۆرە موزیکێك لە کوردستان هەبێت ئاساییە و پێویستە هەبێت بەمەرجێك نەگاتە ئەو رادەیەی کاریگەرییەکی سلبی لەسەر گوێگر هەبێت، گوتیشی: «لە زۆر فیستیڤاڵ و شوێنی دیکەش دووبارەم کردۆتە، موزیك بێت، یان هەر شتێکی دیکە بێت ئەگەر مەبەستی تێکدانی گوێگر بێت، ئەوا لە قاڵبی موزیك دەردەچێت. ئێمە لە قۆناغێکداین پێویستیمان بە هەر شتێکە بۆ پاراستنی ناسنامەی خۆمان، هەر کاتێك ئێمە گەیشتینە ئاستی وڵاتانی دیکەی جیهان ئاساییە سوود لە جۆرە موزیکییە جیهانییەکان وەربگرین، بەڵام ئێستا زیاتر پێویستمان بە پاراستنی کولتوور و زمانی خۆمان هەیە کە چەندین ساڵە دوژمنان هەوڵی لەناوبردنیان داوە.

هەر سەبارەت بە جیاوازیی کاری هونەری لە ساڵانی رابردوو و ئێستا لە رووی بەشداریکردنی ئافرەتان دکتۆر دڵشاد دەڵێ: «ئێستا دەرفەتی زۆر بۆ ئافرەتان هاتۆتەئاراوە بۆ ئەوەی زیاتر توانا و بەهرەکانی خۆیان بەدەر بخەن، بەڵام پێموایە کاتێك کارێکی هونەری ئەنجام دەدرێ، پێویستە لەهەموو لایەکەوە بزانرێ ئامانجی ئەو تیپە چییە. لەهەمان کاتدا گرنگی بە هەموو لایەنێکی ئەو بەرهەمە بدرێت، ئێمە کاتێ هەوڵمان دەدا جگە لەکاری موزیك گرنگییەکی زۆر بە هەموو موزیکژەنان و ئەندامانی تیپ بدەین بە کوڕ و کچەوە بۆ ئەوەی لەلایەن خەڵك بناسرێن و پێیان ئاشنا بن.



## بیبلیوگرافیا

هونەرمەند دڵشاد محەمەد سەعید لە ساڵی ١٩٥٨ لە شاری دهۆك لەدایکبووە و لە سەرەتای هەشتاکان تیپی میوزیکی دهۆکی دامەزراند.

لە بەغدا میوزیکی خوێندووە و ئەندامی تیپی میوزیکی رادیۆ و تەلەڤزیۆن بووە، دواتر پەیوەندی بە تیپی سیمفۆنیای عێراقی کردووە، وەك ژەنیاری کەمان و یاریدەدەری سەرۆکی ئۆرکێسترا بووە.

لە ناوەڕاستی هەشتاکان لە زانکۆی وێلزی بەریتانیا خوێندنی باڵای میوزیکی تەواو کردووە و رۆژی ١٩-٦-٢٠١٨ بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی مۆزارت بەدەستهێناوە. چەندین پارچە میوزیکی بۆ هونەرمەندانی کوردی و عێراقی و بیانی ئامادە کردووە.

شانبەشانی چەندین موزیسیانی عێراقی و بیانی بەناوبانگ موزیکی پێشکەش کردووە، ئێستا لە وڵاتی نەمسا نیشتەجێیە و وەك ژەنیاری کەمان لە یەکێك لە تیپەکانی سیمفۆنیا لە چالاکییە هونەرییەکانی بەردەوامە.

# بریانکا نهێنییەکانی خۆی ئاشکرا دەکات

بریانکا شوپرای خانمە ئەستێرەی بۆڵیۆد یەکێکە لەو ئەکتەرانەی کە بەوە ناسراوە زۆر قسە ناکات و زانیاری و لێدوان بۆ دەزگاکانی راگەیاندن نادات، بەتایبەتی دەربارەی ژیانی تایبەتی خۆی، بەڵام بە نیازە لە ماوەی داهاتوودا یاداشتەکانی لە کتێبێکدا بڵاو بکاتەوە.

بریانکا رایگەیاند بە نیازە لە ساڵی داهاتوو لە یەك کاتدا یاداشتەکانی لە هیند و ئەمریکا و بەریتانیا بڵاو بکاتەوە و هەر لەم بارەوە دەڵێت: هەندێك شت باس دەکەم کە تا ئێستا بە هیچ شێوەیەك باسم نەکردووە.


هەروەها ئاژانسی هەواڵی (PTI) لە بارەی یاداشتەکانی شوپراوە بڵاوی کردەوە کە کتێبەکە بە ناوی (نا کامڵ بوو) و پێکدێت لە ژمارەیەك بابەت و چیرۆك و تێبینی تایبەتیی شوپرا.

بریانکا ئەوەشی باس کرد کە کتێبەکە چێژێکی تایبەتی هەیە و وتی: چەند بابەتێکی گرنگ لە خۆ دەگرێت، وەك پاکی، پێکەنین، جورئەت، ئازایەتی و یاخیبوون کە هەموویان لە کەسایەتی مندا هەن، من هەمیشە کەسێکی تایبەت بووم و زۆر باسی هەستی خۆم نەکردووە لە میانەی کاروانی هونەریی خۆمدا، بەڵام ئێستا ئامادەم ئەو کارە بکەم و ئەوەی لە ناخی مندا هەیە، هەڵیڕێژم و پێشبینی ئەوەش دەکەم بەشێك لە زانیارییەکان مایەی شۆك بن بۆ زۆر کەس و دوور نییە رووبەڕووی رەخنەش ببمەوە.


بریانکا لە تەمەنی ١٧ ساڵیدا هاتە نێو بۆڵیۆد، کاتێك نازناوی شاجوانی هیندستانی بەدەستهێنا، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی بوو بەرەو بە جیهانی بوون تا گەیشتە بەدەستهێنانی نازناوی شاجوانی جیهان.



# ئیڤا لۆنگۆریا: کوڕەکەم فێر دەکەم چۆن ڕێز لە ئافرەت بگرێت



خانمە ئەکتەری هۆڵیۆد ئیڤا لۆنگۆریا ڕایگەیاند کە چاوەڕێ دەکات ببێت بە دایك و لەم بارەوە خۆشحاڵیی خۆی بە بێ سنوور وەسف کرد ئەوەشی ئاشکرا کرد کە هێشتا کوڕەکەی چاوی بە دنیا هەڵنەهێناوە، بەڵام بەر لە هەر شتێك فێری ئەوەی دەکەم کە ڕێز لە بزووتنەوەکانی ئافرەتان بگرێت و بە گەورە سەیریان بکات.
ماڵپەڕی (کونتاکت میوزیك)ی تایبەت بە هەواڵ کەسایەتییە ناسراوەکان لە زاری لۆنگۆریاوە ڕایگەیاند: مایەی خۆشحاڵییە کە شەپۆلێکی زۆر لە چالاکوانەکان بەڕێوەن کە لە داهاتوودا بەرگری لە بزووتنەوەکانی ئافرەتان دەکەن، ئەوان کە دێنە دنیاوە بەشێوەیەکی جیاوازتر لە ئێمە دەیبینن، بێگومان لە کۆمەڵگایەکدا دەژین کە جیاوازە لە کۆمەڵگاکانی ئێمە لە هەموو ڕوویەکەوە.
لە بارەی کوڕەکەی خۆیشی وتی: من دڵنیام کە کۆرپەکەم کوڕ دەبێت ئەمەش خۆشحاڵی و هێزێکی زۆرم پێدەبەخشێت، چونکە هەست دەکەم جیهان پێویستی بە ژمارەیەکی زیاتر لە پیاوی باش هەیە بۆ ئەوەی ڕێز لە بەرامبەریان بگرن بەتایبەتی ڕێز لە ئافرەتان بگرن و هەوڵ بدەن یەکسانی بڵاوبکەنەوە، یەکەم کاری من ئەوەیە کوڕەکەم لەسەر ئەو پرەنسیپانە پەروەردە بکەم. لۆنگۆریا هەر لە بارەی کوڕەکەیەوە وتی: ئەم کوڕەم بە چەند ئافرەتێکی بەهێز و خوێندەوار و خاوەن دەسەڵات دەور دەدرێت، چونکە پێموایە پێویستە ئەو جۆرە ئافرەتانە ببینێت کە پێشەنگ و نموونەی سەرکەوتن دەبن لە ژیانیدا بۆ ئەوەی بتوانێت بزانێت چۆن ڕێز لەو ئافرەتانە بگرێت.



# سلڤستەر ستالۆنی بە دەستدرێژی تۆمەتبار دەکرێت



داواکاری گشتی لۆس ئەنجلوس ڕایگەیاند کەوا تیمی تایبەت بە تاوانە سێکسییەکان لە دادگای لۆس ئەنجلوس چاوەڕێی بەرز کردنەوەی داوایەکە دژی ئەستێرەی ناسراوی هۆڵیۆد سیلڤستەر ستالۆن دەکەن دوای ئەوەی داوایەکی دژی بەرز کرایەوە.
گریگ ریسلینج وتەبێژ بەناوی نووسینگەی داواکاری گشتی لۆس ئەنجلوس وردەکاری زیاتری دەربارەی کەیسەکە ڕانەگەیاند، بەڵام ئاماژەی بەوە کرد کە پۆلیسی شاری سانتا مۆنیکا لە ویلایەتی کالیفۆرنیا داوایەکی لەو بارەوە دژی ستالۆن پێشکەش بە داواکاری گشتی کردوو.
لەلایەن خۆیەوە ستالۆن کە بە پاڵەوانی زنجیرە فیلمەکانی(ڕامبۆ و ڕۆکی) ناسراوە وەڵامی تەلەفۆنی ڕۆژنامەنووسانی نەدایەوە دەربارەی ئەم کەیسە، بەڵام لە مانگی دیسێمبەری ڕابردوو پارێزەرەکەی ڕایگەیاند کە ئافرەتێك سکاڵایەکی پێشکەش بە پۆلیس کردووە و بەوە تۆمەتباری دەکات کە بەر ٢٧ ساڵ ستالۆن دەستدرێژیی سێکسی کردۆتە سەری و لەو کاتەوە پۆلیسی سانتا مۆنیکا دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەو سکاڵایەی کە ستالۆن ڕەفتاری سێکسی نەشیاو تۆمەتبار دەکات لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو، بەڵام زەحمەتە ڕووبەڕووی سزا ببێتەوە، چونکە یاساکانی ویلایەتی کالیفۆرنیا سەبارەت بە تاوانەکانی دەستدرێژیی سێکسی زۆر ئاڵۆزن و تەنیا سزای ئەو کەسانە دەدات کە لە ماوەی دە ساڵ لە ئەنجامدانی تاوانەکە لەلایەن دادگاوە تۆمەتەکەی بەسەردا ساغ بێتەوە و ئەم کەیسەش بەر لە ٢٧ ساڵ ڕوویداوە وەك ئافرەتەکە باسی دەکات.
ساڵی ڕابردوو دەیان کەیسی دەستدرێژیی سێکسی دژی دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر و ئەستێرەکانی هۆڵیۆد بەرز کرانەوە ئەمەش وایکرد کە ژمارەیەکی زۆریان ئەو کارانەی جێبهێڵن کە کاریان تێدا دەکرد.

## خەدیجە عەلوش:

# هەندێکجار جورئەت لە سینەمادا پێویستە



**هەر لە تەمەنێکی زوودا خولیا و حەزی هونەر لە مێشک و دەروونیدا چەکەرەی کردو توانی لە رێگای شانۆگەری و زنجیرە دراماکاندا و بە نیشاندانی گرفت و دەردەکانی نێو کۆمەڵگە سەرنجی بینەر بۆ خۆی رابکێشێت، چونکە زۆر راستگۆیانە و بە جورئەتەوە رۆڵەکانی بینیوە و کارەکانی بینەری زۆری هەبووە و هەیە، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کچە ئەکتەری مەغریبی خەدیجە عەلوش کرد کە یەکێکە لە کچە ئەکتەرە تازە پێگەیشتووەکانی ئەو وڵاتە و بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.**





*** زۆر جار رەخنە لە کچە ئەکتەرە مەغریبییەکان دەگیرێت کە پشت بە وروژاندن دەبەستن بۆ سەرکەوتن نەک بە توانا هونەرییەکانی خۆیان، ئایا ئەمە تا چەند راستە و چۆن وەڵامیان دەدەیەوە؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەمەوە، دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە زۆر جار جورئەت لە کاری سینەماییدا پێویستە بۆ ئەوەی پەیامەکەت بە تەواوی وەکو خۆی بگەیەنی بە جەماوەر، بەڵام ناکرێ مەبەست لە جورئەت خۆڕووتکردنەوە و وروژاندن بێت، سەبارەت بە تۆمەتبار کردنی مەغریبییەکان بە وروژاندن حەز دەکەم ئەوە روون بکەمەوە کە تەنیا لە سینەمای مەغریبیدا ئەمە نییە، ئەگەر سەیری وڵاتانی عەرەبی بکەین زۆر لە مەغریبی جورئەتی زیاترە، هەروەها لە هەموو جیهاندا کچە ئەکتەرەکان ئیستغلال دەکرێن لە لایەن دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان بە هەموو شێوەیەک.

*** ئەی بۆچی ئێوەی مەغریبی بەوە تۆمەتبار دەکرێن؟**

- دەتوانم بڵێم سەرکەوتن و کۆڵنەدانی هونەرمەندانی مەغریبی یەکێکە لەو هۆکارانەی کە وایانکردووە لە زۆر لاوە و بە زۆر شێوە ئەو جۆرە هێرشانە بکرێنە سەر مەغریبییەکان، ئەمەش تەنیا لە بواری هونەریدا نییە، بەڵکو راگەیاندکارانی مەغریبیش دەگرێتەوە، بەڵام سوپاس بۆ خوا هونەرمەندە مەغریبییەکان سەرەتا لە وڵاتی خۆیان دەردەکەون و سەرکەوتن بە دەست دەهێنن و لە کۆتاییدا ئەم سەرکەوتنەیان سنووری مەغریب دەبەزێنێت، نەک تەنیا بۆ وڵاتانی عەرەبی، بەڵکو لە سەرتاسەری جیهان و شوێنی خۆیان کردۆتەوە و خاوەن جەماوەرێکی زۆرن، ئەمەش مایەی شانازییە بۆ ئێمە و هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هونەرمەندەکانمان لە هەر شوێنێک بن، دەتوانن خۆیان بگونجێنن و نموونەیەکی باشی سەرکەوتن پێشکەش بکەن و هەمووشیان پشت بە خۆیان دەبەستن، چونکە بە سەدان هونەرمەندی زۆر سەرکەوتوومان هەیە لە مەغریب کە لە ئاستێکی بەرزدان و پشتیان بە دەرەوە نەبەستۆتەوە و زۆربەی هەرە زۆری کارەکانیان لە چوارچێوەی مەغریب ئەنجام دەدەن کەچی ناوبانگیانی سنووری وڵاتەکەیان بەزاندووە.

*** ئەگەر رۆڵێکت پێشکەش کرا کە جورئەتێکی هونەری تێدا بێت، سنوور نەبەزێنێت و پێویست بێت، ئایا پێی رازی دەبی؟**

- هەندێک هێڵی سوور هەیە ناتوانم بیانبەزێنم، تەنانەت ئەگەر رۆڵەکە سەرەکی بێت و جورئەتەکەش مەبەست و ئامانجێکی هونەری دیاریکراوی هەبێت بۆ پاراستنی ناوبانگی خانەوادەکەم، دەمەوێ هەمیشە ناوبانگێکی باش و وێنەیەکی جوانم هەبێت لە کۆمەڵگەدا، من نامەوێ بۆ سەرکەوتنی کاری دەرهێنەرێک، یان بیرۆکەکەی پشت بە جورئەتی هونەرمەند ببەستێت، بەڵام من درک بەوەش دەکەم کە زۆر جار جورئەت پێویستە و مەرجیش نییە تەنیا بە جەستە بێت. هەڵبەتە من ئەکتەری و نواندنم خۆشدەوێت، بەڵام زیاتر هونەرێکی پاک و بێ وروژاندنم خۆشتر دەوێ، شەیدای هونەری سینەمام، بەڵام هەوڵ دەدەم دوور بکەومەوە لە رۆڵی وروژێنەر، لەبەر ئەوەی نامەوێت هێڵی سوور ببەزێنم، ئەو هێڵەی بۆ من دیاریکراوە، ناتوانم لێی دەربچم، چەندین داواکاری رۆڵی وروژێنەرم لە چەند وڵاتێکی عەرەبی پێگەیشتووە، بەڵام من دەمەوێت سەرەتایەکی جوان و پاکم لە نێو سینەما هەبێت.

*** خەونەکانت لە بواری نواندندا چین؟**

- خەونی من ئەوەیە لە کاری نواندندا سەرکەوتنێکی مەزن تۆمار بکەم، هەروەها دەمەوێت لە رێگەی کارە جوانەکانمەوە ناوبانگێکی جیهانی بۆ خۆم مسۆگەر بکەم، لەگەڵ ئەوەشدا بەهرە و تواناکانم ببێتە هۆی سەرکەوتنم لە ژیان و کاری هونەریمدا.

*** خەونەکانت هەر لە چوارچێوەی مەغریبدا دەبن؟**

-نەخێر، چونکە من چاوم لە ناوبانگ و سەرکەوتنە لە بواری هونەری، دەمەوێت لە رۆشنبیری و هونەری نەتەوەکانی دیکەش تێبگەم و کار بکەم، بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپی، بۆیە ئەگەر هەلی ئەوەم بۆ هەڵبکەوێت، بە هەر زمانێک بێت، حەزدەکەم کار بکەم، زۆر خۆشحاڵ و تامەزرۆی کارکردنم لە بواری هونەری.

*** ئەو بابەتانە چین کە دەتەوێ لە کارەکانتدا بیانخەیتەڕوو؟**

- حەز دەکەم هەر بابەتێک من لە فیلمەکانمدا بیخەمەڕوو پەیوەندی بە تەواوی کۆمەڵگەوە هەبێت، بەتایبەتی ئافرەت و منداڵان، حەز دەکەم فیلمەکانم جورئەتیان تێدا بێت، جورئەتێک لە سیناریۆ و بابەتەکەدا هەبێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بابەتی بن و نەک تەنیا جورئەتێک بێت لە پێناو وروژاندن و خۆنمایشکردن، حەز دەکەم ئەو بابەتانە بورووژێنم کە لە کۆمەڵگەدا زۆرن، بەڵام لە هەمان کاتدا شاراوەن و کەس نەیخستوونەتە سەر شاشە بەوە شێوەیەی کە پێویستە بە مەبەستی وشیار کردنەوەی کۆمەڵگە .

